وتەبێژی فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی عێراق، بە بۆنەی جەژنی نەورۆزەوە پەیامێکی بە ئاڵای کوردستان و بە زمانی کوردی باو کردەوە.

ئەمڕۆ پێنجشەممە 21ی 3ی 2024، یەحیا ڕەسوول، گوتەبێژی فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی عێراق، لە ئەکاونتی تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی (فەیسبووك)، وێنەی چەند پێشمەرگەیەکی لەکاتی کردنەوەی ئاگری نەورۆز بە ئاڵای کوردستانەوە باو کردەوە.

گوتەبێژەکەی فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی عێراق، بە زمانی کوردی نووسیویەتی: بەم بۆنەیەوە گەرمترین پیرۆزبایی ئاراستی خەڵکی عێراق بەگشتی و گەلی کورد بەتایبەتی دەکەم و هەردەم لە خۆشیدابن و لە ئاشتی و سەقامگیریدا بژین.